www.kurdistannet.org
0:01 5-10-2006بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەو هەموو بەزمە لەسەر (سوودفە) بەسوودفە نیە! ... تالب تاهیر عەلی (جەهانشا)

چەندرۆژێکە لەراگەیاندن وبە تایبەت لەرۆژنامە کانی کوردستان هەڵلایەك بەرپابووە لەسەر ووشەیەك کە گوایە لە لایەن وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفال کراوەکان خراوەتە پاڵ شەهیدانی هەڵەبجە، واتەخاتو (چنارسعد) شەهیدانی هەڵەبجەی بەشەهیدی (سوودفە) ناوزەدکردووە، هەرچەندناوبراوچەندین جاردووپاتی کردوتەوە کە ناوی شەهیدانی هەڵەبجەی نەهێناوە وراستی هەواڵەکەی کامیل وەیسی رەت کردوتەوە.

من لێرەدا نامەوی لەپێگەی بەرگریکارێك لەسەر ئەم بابەتە بدوێم وئەو بابەتەی نووسیومە، رەخنەیەکی گشتگیرە لەهەموو ئەولایەنانەیکەبوونەتە هوی خولڵقاندنی ئەم کێشەیە.

بڵاوکردنەوەو شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەلەلایەن راگەیاندن بەشێوەیەکی نازانستیانەو وپەرت وبڵاو، جێگای سەرنجەومروڤ بیردەکاتەوە ئایا راگەیاندن بەدوای بابەت وهەواڵ ویلەوهیچ شتێکیان دەست ناکەوێت بوبڵاوکردنەوە ووەکوبازرگانێك رەفتاردەکەن ودەیانەوی لە رێگای وروژاندنی خەڵك خوێنەرپەیدابکەن!بە تایبەتی بابەتێك کە پەیوەندی بەحکومەتی نوێ وبەرپرسەکانی هەبێت، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی راستەقینە بیربکەینەوە بومان دەردەکەوێت ئەم جورە بابەتانە رەواجێکی زوری هەیە وهەندێك خەڵك بە پەروشن بوخوێندنەوەی هەواڵی لەم شێوەیەو، لەلایەکی ترکەسانیك هەن کەدەیانەوێت بەنووسینی ئەم جورە بابەتانە بیروبوچونەکانی خویان بسەلمێنن، کە پێش یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێم لە راگەیاندنەکان بڵاویان دەکردەوەو باسیان لەوەدەکردکە ئەم حکومەتە شکست دەهێنی وناتوانی لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دابێت. بەبروای من رادەربرین لەسەرحکومەتێك پاش تێپەربوونی چەندمانگ لەدەست بەکاربوونی کارێکی نادادپەروەرانەوبێ رحمانەیە.

لەلایەکی ترەوە لەگەڵ دەست بەکاربوونی وەزیرەکانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زورکەسی گەندەڵ وبی سوودپلەوپایەی خویان لەدەست داوە، لەجیاتی ئەوەی ئەوکەسانەبیربکەنەوە تاکووبزانن لەسەرچی لەکارەکانیان لادراون وبە خویان دابچنەوە، شەوو روژبە دوای دوزینەوەی هەڵەیەك یاخوودرەخنەیەکی هەرچەندبچووکن، تاکو لەرێگای بڵاوکردنەوەیان برینەکانی خویان پی سارێژبکەن وخویان بێ تاوان لەقەڵەم بدەن، تائەورادەیە کە چاوەرێن خەڵك بە قارەمان ناویان ببات.

لە وەزارەتی کاروباری شەهیدانیش چەندین کەس کەلە دەزگای شەهیدی پێشوو، خاوەن پلەوپایەبوون، کارەکانی خویان لەدەست داو ویەکێك لەوکەسانە ئێستاوەك بلی ی توانیوەتی تاوانباربوونی سەدام بسەلمێنیت، لە پەنادلسوزی بوکەس وکاری شەهیدان بابەت لەدژی وەزیری کاروباری شەهیدان بڵاودەکاتەوە، کە ناوەروکی بابەتەکانی بەشێوەیەکی زەق بەرگری کردن لە خوی وچەندکەسێکی تری پێوە دیارەوکەمترکەس هەیەنەزانیت ئەوهەمووجوش وخروشەی ئەوبەرێزەلەکویەوە سەرچاوەی گرتووە، بویە ئەوپرسیارەی ئاراستە دەکەم کاتێك کە تولە دەزگای شەهیدبوویت بو هیچ کارێکت بوخانەوادەی شەهیدان ئەنجام نەدا؟بوجارێك لە جاران بەرگریت لەمافی شەهیدانی هەڵەبجە نەکرد؟

دڵنیام گەرجەنابت لەکارەکەت لانەدرابایت، ئێستاروونکردنەوەیەکی زوربەپێزترلە روونکردنەوەکەی راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان (کەرەخنەیەکی زورم لەسەرئەم روونکردنەوەهەیەوبەرایمن لاوازی راگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدانی نیشان دا) ئامادە دەکردوروژنامەکان پربوون لە بەرگری نامەکانی تولەم وەزیرەو، بەم شێوەیە شوێنی خوت قایمتردەکرد.

بەرای من ئەم هەمووپروپاگەندەیەکاریگەری راگەیاندنی عەرەبی زوربەزەقی پێوەدیارە، چونکە لای ئەوان هەواڵ تەنیائەوهەواڵەیە، کە خەلك هان بدات وهەرکاتێك بتوانن ئاژاوە دروست بکەن، هەست

دەکەن سەرکەوتنیان لەکارەکانیان بەدەست هیناوە (بونموونە ئەوهەڵایەی لەسەربڕیاری بەڕێزسەروکی هەرێم سەبارەت بە داگرتنی ئاڵای عێراق لە کوردستان دروستیان کرد) . بوَیە پێموایە کاتی ئەوە هاتووە ڕاگەیاندنی کوردی لە ژێرسیبەری ڕاگەیاندنی عەرەبی بێتە دەرەوە وسەربەخوَبێت، چونکە خەریکە ئەم شێوازەنووسین وڕادەربرینە دەبێتە ڕێچکەو ڕێبازێك لە ڕاگەیاندنی کوردی وبەڕای من بەرەو هەڵدێرولەناوچونیان دەبات. پێموایە ڕاگەیاندن ئەرکی خوَی وون کردووەو وزوَربەی کاتەکان ئەبن بە لایەنەك لە کێشەکان وناتوانن سەربەخوَیی وبی لایەنی خوَیان بپارێزن. هەندی کەسیش بە سوودوەرگرتن لەم خاڵە لاوازە، دەیانەوێت لەسەرحسابی روَژنامەکان بە مەرامەکانیان بگەن وزوَرجاریش خواستی ئەم کەسانە لە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەوروَژنامەیە، کەبابەتەکانیانی تێدابڵاودەکەنەوە، بوَیە ڕاَگەیاندن پێویستەزوَرهەستیاروژیرانە مامەڵە لەگەل ئەم جوَرەبابەتانە بکات، تالەدواییداپەشیمان نەبنەوە، ئەگەریش راگەیاندن بەدوای دروست کردنی بەرەیەکە بائەم بەرەیە لە دژی دوژمنانی کورددروست بکرێت (بەرای من یەك دەنگ بوون جیاوازیەکی زوَری هەیە لەگەل دروستکردنی بەرە) .

لێرەدادەمەوێت بلێم، من دڵنیام کەوەزیرئەم ووشەی بەو مانایەی کە راگەیاندن باسی لێوە دەکات بەکارنەهێناوە وهاوکات هیچ کەسانێك مافی ئەوەیان نییەتەفسیری خوَیان لەسەربابەتێك بەسەرکەسانی تردابسەپێنن. بەبی ئاگاداربوون لە ڕاستیەکان، بەدوای چەواشەکاری دابن ولەپڕێکاخوَیان بکەن بە نیشتمان پەروەرودڵسوَزی خەڵك وبەقوَستنەوەی ئازادی بیروڕادەڕبرین لە کوردستان (من قەت ناوی نانیم ئازادی بەلکوبەڕای من بەڕەڵڵاییە!) خوَیان لەژێردەمامکەکان بشارنەوە، راگەیاندنیش نابێت بابەتێك کەناوەروکی بیروڕای شەخسیە بەشێوەی هەواڵ بەمانشێت بڵاوبکاتەوە وئەم بابەتە لەراگەیاندنەکانی هەموو وولاتانی جیهان پەیرەو دەکرێت.

لەلایەکی ترەوەدروستە کە ڕاگەیاندن دەبی چاودێری دەسەڵات بێت، بەڵام بەمجوَرە کارکردنەی کەئێستالەراگەیاندن بەدی ئەکرێ خوَیان ڕوَڵی خوَیان کەم ڕەنگ دەکەن وڕاست بێژییان دەخەنە ژێر گومان ولە گرنگی پێگەی ڕاگەیاندن کەم دەکەنەوە.

لەکوَتایی دا دەگەڕێمەوەسەربابەتی (سوودفە) وپرسیار لەبەڕیز (کامیل وەیس) دەکەم کەبەرێزت وەك نوێنەریکوَمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە کوَنفرانسەکە ئامادەبویت، بوَچی کاتێك وەزیر ئەم ووشەی بوَشەهیدانی هەڵەبجە بەکارهێنابەرگریت نەکردو وەڵامت نەدایەوە، توَنوێنەربویت ورێپێدراو، خوَوەك سیخورێك نەخزابوویتە ناوکوَنفرانسەکە، بویە بەڕای من جەنابت زیاترجێگای رەخنە گرتنی لەلایەن خەلکی هەڵەبجە. هەروەها ئەگەرجەنابت بەڵگەت بەدەستەوەیەکە تێیدا چنارخان شەهیدانی هەڵەبجەی بەشیوەیەکی دیاریکراوبەشەهیدی (سوودفە) ناوزەدکردووە، ئایاکاتی ئەوەنەهاتووە بەڵگەکانت بڵاوبکەیتەوە؟

لەلایەکی ترنابیت کیشەکان تێکەل بەیەك بکرێت وروَژنامە ببێتە شوێنی یەکلاکردنەوەی کێشە شەخسیەکان، وەك ئەوەی کەسانێك وەکوپارێزەرێك رەفتاردەکەن و بەرگری لەهەندی لەبەرپرسانی باڵای دەزگای شەهیدی پێشوودەکەن کەگوایەبەناحەق لەدوای دروست بوونی وەزارەت غەدریان لێکراوەو ئەرك وبەرپرسیارەتیان نەماوە. سەیرلەوەدایەئەوان هێشتابوَخوَیان رایان نەگەیاندووە غەدریان لێ کراوەو لێرەداپرسیاردەکەم ئەم کەسانە بوَچی بوَخوَیان وەڵامی ڕەخنەکان نادەنەوەوتائێستابەرگریان لەخویان نەکردووە ئەگەرگەندەل نەبووبن؟

هەمدیس سەبارەت بە بەکارهێنانی ووشەی (سوودفە) بەڕای من وەزیریکاروباری شەهیدان پێویست بووبەشێوەیەکی فراوانترئەم بابەتەگرنگەی روونکردبایەوە وبەرای من چڕکردنەوەی بابەتێکی واهەستیاروگرنگ لە ووشەی (سوودفە) بەهەرمەبەستیك َبووبێت بە مەنتقی وزانستیانە نازانم،

بوَیەکاردانەوەی سلبی راگەیاندن لەسەرئەم ووشەیە وکاردانەوەی سلبی وەزیری کاروباری شەهیدانیش بەرامبەربەراگەیاندن بەلای منەوەزوَرئاساییە، لەگەل ئەوەشدائێستاهەندێك لە خانەوادەی شەهیدان هەن کە بەرگری لەلێدوانی وەزیری کاروباری شەهیدان -بەوتەفسیرەی کەڕاگەیاندن کردویەتی- دەکەن وواهەست دەکەن بەم شێوەیە مافەکانیان بودەگەرێتەوە.

بەرای من وەزارەتی کاروباری شەهیدانیش ئەم پوَلێن کردنەی شەهیدان بەومەبەستە ئەنجام دەدات، کە مافی شەهیدان پێشێل نەکرێت وبوَئاگاداری خوێنەران لەوولاَتیکی وەکو ئێران کە خاوەنی نزیك بە یەك میلیوَن شەهیدە وئەزمونێکی زوَریان لەبواری کاروباری شەهیدان هەیە، هەمووشەهیدان وەکویەك مامەڵەیان لەگەل نەکراوە وئەوکەسەی کە هاوولاَتی ئێران بووەو شەهیدبووە، لە مووچەوئیمتیازات جیاوازییەکی زوَری هەیە لەگەل ئەوکەسەی هاوکات لەگەل هاوولاَتی بوون سەربازبووەولەشەڕ شەهیدکراوە. مەبەستی وەزیریش لە بەکارهێنانی ووشەی (سوودفە) گەیاندنی ئەم پەیامە بووە وهیچی تر. بوَیە لەکوَتایی دا دەلێم ئەوهەموپروپاگەندەدروست کردنە لەلایەن راگەیاندن دژبە وەزیری کاروباری شەهیدان ودروست کردنی بەرەیەك لەدژی ناوبراو، هیچ سوودێکی بوَڕاگەیاندن نیە وئەگەرراگەیاندنیش بەشێوەیەکی سەربەخوَکارناکات بالایەنگری لایەنە بەهێزەکە بکات چونکە هەمیشە کە شەرێك روودەدات لایەنە بەهێزەکە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت!.